# دەرگاکە بکەنەوە....گفتوگۆکۆتایی هات!!

**هونەرمەندێکی ناڕازی**



(وێنەی مانگرتنی 48 سەعاتەی هونەرمەندان لەبەردەم ڕێکخراوەکەیاندا)

چوار مانگە ئێوە دەڵێن نەخێر بۆگفتوگۆ،نەخێر بۆدانیشتن، نەخێر بۆشەفافیەت، ئێمەش سورین لەسەربانگەشەکردن بۆگفتوگۆ،چوارمانگە ئەو هەمو نوسینە، ئەو هەمو وتارە، ئەو هەمو ڕیپۆرتاژە ئێوەی والێنەکرد گفتوگۆمانم لەگەڵ بکەن، ئێستاش نایکەن، ڕەنگە بەلاتانەوە شەرم بێت بڵێن دەرگاناکەینەوە، شەرم بێت بڵێن ئێمە ئێوە بەیاخی و سەرلێشێواو دەزانین، وەك خۆتان بڵێن"ئێمە هەڵبژێراوی ئەو لەشکرە بێ دەنگەین کە چەند ساڵێك لەمەوبەر پیتاکیان بۆشەڕی ناوخۆ کۆدەکردەوە، ئەو لەشکرەی کەڕۆژانە دێن ودەچن و سەری مانگانیش وەك خۆیان دەڵێن دەچین بۆ 30هەزارەکەمانو وەریدەگرین، با وەریگرن، ئەوانە بۆئێوە باشن، ئەوانە کەی بتانەوێت وەك جاران زێڕە،زێڕەتان بۆدەڵێن، کەی بتانەوێت چەندین وێنەی تری "سەیدالریس"تان بۆدروست دەکەن، کەی بتانەوێت بەئارەزوی خۆتان شانۆتان بۆدەکەنو ئێوەدەکەنە ڕۆستەمی زاڵ، کەی بتانەوێت ، بەئارەزوی خۆتان هونەرتان پێشکەشدەکەن، ئیدی ئێمەتان بۆچیە؟؟ دڵنیاش بن وتێر تێر بنون کە ئێمە ناڕۆینو ڕێکخراوێکی تر دروست ناکەین،چونکە ئەوە ئەو بەڵایەیە کە لەکۆڵی ئێوە دەبێتەوە، ئیدی ئێمەتان بۆچیە کەپێتان بڵێین دەبێت هەمو ئەندامان بزانن چەند وەردەگرن وچەند سەرفدەکەن، ئێمەتان بۆچیە بەئاوازەکانتان هەڵناپەڕین،ئێمەتان بۆچیە کە 48سەعات لەبەردەم بارەگای بەناو ڕێکخراوەکەتاندا وەك خۆتان وتان وەك سەگی برسی بکەوین،بۆچیتانەو بۆچیتانە؟؟!!

بەڵام لەبەرامبەر ئەم هەمو ئەگەرەدا،چۆن خەونتان بەوەوە دەبینی جگە لەهونەر هەمو شتێکی تر بکەن، ئێستاش خەونێکی وابیبنن،کە ئێمە وەك جاران ڕەخنەناگرین،خەونێکی وابیبنن ئێمە بە قودرەتی قادر هەمومان وازمان لەهونەر هێناو وەك هەندێ لە ئێوە سەرقاڵ بوین بەچەندین پیشەی ترەوە جگە

لەهونەر، وازمان لەم بانگەشانە هێنا بۆ دادپەروەری و نەمانی گەندەڵی لەناو بەناو ڕێکخراوەکەتاندا،ئیدی ئێوە وەك ئەوەی نە باتان بینی بێ و نەباران،وەك ڕۆژانی تربە بێ بەرنامەو بۆکات کوشتن دوای تەواوبونی پیاسە وکات کوشتنەکانتان، پۆل پۆل بڕۆن بەرەو ئەو بینایەی کە لەئەنجامی تەکەتولەوە وەرتان گرت،بڕۆن بۆ ئەو بەناو ڕێکخراوەی کە چوار مانگ لەمەوبەر ئێوە وەك فس فس پاڵەوان لەبەردەم لەشکرێك ڕۆژنامەنوس وکەناڵەکانی ڕاگەیاندندا بەدەنگێکی نوساو وتان"نەخێر بۆدیالۆگ...نەخێربۆدانیشتن و تێگەیشتن لەئێوە...نەخێر نەخێر.."بەڵکو لەوێ، دوای ماندوبونێکی زۆری وەنەوزێکی درێژ بتان باتەوە، وەنەوزێك خاڵی بێت لەهەمو ئەو شتانەی کە جێگەی بایەخی ئێوەبێت، وەنەوزێك دور لەململانێ ژێر بەژێرەکانی ئێوەو سەندیکا، وەنەوزێك دور لەهەڵپەی زەوی وەرگرتن وپاڕانەوە لەم بەرپرس ولەو بەرپرس، بەڵکو کە وەنەوزەکەتان تەواوبوو، یەکێك لەهاوکارەکانت وەك مزگێنی بێت و بڵێت "مژدە..مژدە گفتوگۆ تەواوبوو بادەرگاکان بکەینەوە..